## چەپکێك لە گوڵ

کاکم - عومەر سوڵتانی(وەفا)، پێش مەرگی بێ وادەی سەرجەمی شێعرە کوردییەکانی خۆی گردوکۆ کردبوو و بە خەتی خۆی نووسیبوونیەوە. هێرشی کوڕی بوو بە سەبەبی خێر و ئەرکی تایپی هەموویانی گرتە ئەستۆ و لە رێگەی رێزدار حەمەدەمینی شاسەنەمەوە کارەکەی جێ بە جێ کرد. من بە هەموویدا چوومەوە و 11 پارچە شیعری ناو ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستانی ساڵانی 1339 و 1340 ی تارانیشم لێ زیاد کرد.
وا ئێستا بە یارمەتی چەند دۆست و برادەری خۆشەویست، کتێبەکە لە باشووری کوردستان بڵاو کراوەتەوە و گەلێك رازاوە و جوانیشە.

کتێبەکە، کەم و زۆر هەموو بەرهەمە شێعرەکانی کاکم بە کوردی دەگرێتەبەر و لە شێعری عەرووزییەوە تا نوێ و سپی، هەمووی تێدا کۆ کراونەتەوە. هەروەها چەند وتاری ئەو کەسانەی تێدایە کە دوا بەدوای کۆچی دوایی شاعیر، باسیان لێوە کردووە و هەڵسەنگاندنیان لە سەر نووسیوە.
دەقی کتێبەکە جێگەی متمانەی تەواوە و هەر ئەو شتانەن وا خۆی نووسیبوونی و هەر ئەو هەست و خەیاڵە ناسکەی تێدان کە تایبەتمەندی خۆی و شێعرەکانین.

پەیوەندی کتێبەکە بە بۆکانەوە پێویست بە باسکردن ناکات، شاعیر خۆی بۆکانییە و زوربەی هەرەزۆری شیعرەکانیش لە بۆکان گوتراون، هەندێکیان پێشکەش بە کەسایەتی بۆکانی کراون وچەند پارچەیەک لە شیعر و پەخشانە شیعرەکانیش باسی بۆکانیان تێداکراوە، لە هەمووان گرنگتر پەخشانە شیعری 'بیری رابردوو' ە کە خۆی وەک قامووسێک دەچێت بۆ مێژووی سەدەی بیستەمی شاری بۆکان و دەوروبەری.

بۆ شیعرە فارسییەکانی وەفا، بروانە بەشی 85 ی ئەم زنجیرە ووتارە کە تێیدا باسم لە چاپی دووهەمی کتێبی "سرود پرستو" کرد، کە بە ناتەواوی و سەر و گوێ براوی لە تاران بڵاو کرایەوە و وەزارتی ئیرشادی خۆشەویست مۆرکی 'عطوفت اسلامی' لە سەر هەموو لاپەڕەکانی دانا!

دوای ئەو پەندەی وەزارەتی نا ئیرشاد، بڕیارم دا ئەگەر چاپێکی دیکەی هەبێت یاخود شیعرە کوردییەکانی کاکم چاپ بکەم، نەینێرمە بەردەست ئەو ملهوڕانە و هەر خۆم مشووری بخۆم. بەختەوەرانە "چەپکێک لە گوڵ" لە باشووری کوردستان و لە ژێر چەتری ئەو ئازادییانەدا بڵاو کرایەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاپەمەنی دابین کردووە و هیوادارم هەمیشەیی و لەوە زیاتریش بێت.

عومەر سوڵتانی(وەفا)، *"چەپکێك لەگوڵ"* - سەرجەمی شێعرە کوردییەکانی عومەر سوڵتانی(وەفا)، ناشر؟، 2009، 479 لاپەرە، کوردی.

